# ڕۆڵی دایەنگە ناحوکمی یەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە تێروانینی دایبابدا

د. مروان مظهر جافر
Marwan.jafr@uoh.edu.iq
مامۆستا لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی هەڵەبجە

لەنیا هاشم علی
llanyaa99@gmail.com
بەکالۆریۆس لە تەکنۆلۆجیای زانیاری، کۆلیجی زانست و تەکنۆلۆجیا، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

رۆزی علی حارس
rozii9805@gmail.com
بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

بریسکە مەریوان مصطفی
Briskasaied@gmail.com
بەکالۆریۆس لە کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

ڕێژوان عوسمان احمد
Rezhwanosman84@gmail.com
بەکالۆریوس لە کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١
ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٥/١١/٩

**پوختەی توێژینەوەکە-:**

یەکێك لە سیما دیارەکانی سەردەمی نوێ، زۆربوونی ڕایەڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵە، کە یارمەتی خێزان دەدەن، لە پەروەردەکردن و گۆڕینی ڕەفتار و تەنانەت چارەسەرکردنی گرفت و ئاریشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ، دایەنگەکان یەکێکن لە ئامرازە گرنگەکان، دەشێ ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵدا هەبێت، بەو پێیەی قۆناغەکە هاوشانە لەگەڵ قۆناغی پێنج ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵ، کە بە بۆچوونی زۆرێك لە دەروونناسان و پسپۆرانی بواری پەروەردە، قۆناغێکی هەستیار و گرنگی ژیانی منداڵە و ئاراستەی ژیانی دیاریدەکات .

ئەوەی جێگەی تێبینی توێژەرانی دایەنگەکەیە، زیادبوونی ژمارەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتە لە نێو دایەنگەکەدا، بە جۆرێك دایك و باوکانیش هەست بەم دۆخە نەخوازراوە دەکەن و هەندێ کاتیش بە مەبەستی چارەسەکردن پەنا بۆ دایەنگەکان دەبەن، بەو پێیەی بەشێکی زۆریان پێویستیان بە هاوکاری دەبێت، تەنانەت ئارادەی گەشتن بە دابینکردنی پۆل و مامۆستای تایبەت بۆیان. گرنگترین جۆری ئەو کەم توانابیانەی منداڵان، کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین لە نێو دایەنگاکاندا (گرانی فێربوون، فرەجوڵە، دواکەتنی زمان، کەم توانایی جەستەیی و ژیریی) .

توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوەی چەندیەتییە و جۆری میتۆدی بەکارهاتوو، میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتییە، تێدا فۆرمی ڕاپرسی بەسەر ئەو دایك و باوکانەدا دابەشکراوە، کە خاوەنی منداڵی پێداویستی تایبەتن، پاشان بە پێیی ڕێکارەکان شیکردنەوەی بۆ کراوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەم دایەنگا ناحکومی یەکانی شاری سلێمانی بوو، کە ژمارەیان (34) دایەنگەیە، نموونەی توێژینەوەکە چەند یەکەیەکی دیاریکراو لەو دایەنگانە بوون، دوای تەواوبوونی سەرجەم ڕێکارە مەیدانییەکان لە کۆتاییدا دەرئەنجامەکان خراونەڕوو و پاشان بە خستنەڕووی پێشنیاز و ڕاسپاردە کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

بەشی یەکەم:- ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە
باسی یەکەم: کێشە وگرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە : The Problem of the Research
منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت جیاواز لە منداڵانی ئاسایی پێویستییان بە شێوازێکی دیکەی مامەڵەکردن هەیە، بەو پێیەی لە ڕووی (جەستەیی، دەروونـی، کۆمەڵایەتی)یـەوە زیـاتر هاوکـاری و گرنگیپێـدانیان پێویسـتە، شـێوازی پێگەیاندنەکـەش لـە ئایندەدا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کۆی بوارەکانی ژیان و کەسیەتی منداڵان دەبێت.
منداڵ لە سەرەتای لـە دایکبوونـەوە بوونـەوەرێکی بایۆلۆجییـە و لـە ڕێگـەی پێگەیانـدنی کۆمەڵایەتییـەوە بـۆ بوونـەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەگۆڕیت، دامەزراوەی خێزان یەکەم وێستگەی گرنگی ژیانی منداڵە، کە پەروەردەکردن تێدا بەرجەسـتە دەبێـت، پاشان دایەنگـە و باخچـەی منـداڵ وەك یـەکێك لـە سیما و دەرکەوتـەکانی سـەردەمی نـوێ بـە ڕۆڵـی پێگەیانـدنی کۆمەڵایـەتی هەڵدەستن، هەروەها یەکەم ئەزموونی ژیانی منداڵە لە دەرەوەی خێزان، قۆنـاغی بەریەککـەوتن و پەیوەنـدیی کۆمەڵایەتییـە لـە بازنـەی دەرەوەی خێزان، وێستگەیەکی گرنگە بۆ پرۆسەی پەروەردە و وەرگرتنی بەهای کۆمەڵایـەتی و فێربـوونی یاسـاکان، بەڵام ئەم ئەرک و بەرپرسـیاریەتییانە دەگۆڕێـت کاتێـک منـداڵەکە خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت بێـت و لـە ڕووی (جەسـتەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی)یەوە، زیاتر لە منداڵانی ئاسایی پێویستی بـە گرنگیپێـدان بێـت، لەم تـوێژینەوەیەدا بـە شـوێن وەڵامێکـی زانستی ئەو پرسیارەداین:- ئایا دایەنگە ناحکومییەکان تا چەند ڕۆڵیان بینیوە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا؟
دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە: The Importance of the Research
هەموو توێژینەوەیەکی زانستی لە لایەنی تیۆری و پراکتیکییەوە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بـە کـورتی گرنگیـی ئـەم توێژینەوەیە لە هەردوو بوارەکەدا دەخەینە ڕوو:-
گرنگیی تیۆری (Theoretical Importance)
ئەم توێژینەوەیە جەخت دەخاتە سەر بابەتێکی گرنگی ئەم سـەردەمە، ئـەویش کارکردنـە لەسـەر منـداڵانی خـاوەن پێداویسـتی تایبــەت، هــەروەها بــوونی دایەنگــەکان وەك وێســتگەیەکی گرنــگ بــۆ پێگەیانــدنی کۆمەڵایــەتی و پێشکەشــکردنی ئــەو خزمەتگوزارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی، کە پێویستن بـۆ شـیاندنەوەی ئـەو جـۆرە منداڵانـە، هـەر بۆیـە ئـەم توێژینەوەیـە دەبێتـە سـەرچاوەیەکی گرنگـی زانسـتی بـۆ قسـەکردن لەسـەر هـەردوو چـەمکی پێگەیانـدنی کۆمەڵایـەتی و منـداڵانی خـاوەن پێداویستی تایبەت.
گرنگیی پراکتیکی (Applied Importance) دەرئەنجامی توێژینەوەکە سوود بەخش دەبێت بۆ ئەم وەزارەت و دام و دەزگاو دامەزراوانەی خوارەوە:-

1. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایـەتی:- بـەو پێیـەی، کـە وەزارەتێکـی پەیوەندیـدارە بـەم بابەتـەوە دەتـوانن سـود لـە دەرئەنجامەکەی وەربگرن، لە ڕیگەی ئاشنابوونی زیاتریان بە دۆخی منداڵانی خاوەن پداویستی تایبەت لە دایەنگەدا.
2. سەرجەم دایەنگە و باخچەی منداڵان (حکومی- ناحکومی)ییەکان، بەو پێیەی، کە ڕۆڵێکی گرنـگ و سەرەکییان هەیـە لـە بواری پەروەردەکردنی منداڵان بە تایبەت پێنج ساڵی یەکەمی ژیانی منـداڵ، کـە بـە گرنگتـرین قۆنـاغی درووسـتبوونی کەسیەتی منداڵ دادەنرێت.
3. هەموو ئەو (سەنتەر، ڕێکخراو، دامەزراوە، پەیمانگا)یانەی، لە بواری منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا کار دەکەن، دەتوانن سوود لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن.

سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە: The Purposes of the Research
1. زانینی ڕۆڵی دایەنگە ناحکومی یەکان لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت
2. ئاشنا بوون بە ڕۆڵی دایەنگە ناحکومی یەکان لە گەشەپێدانی دەروونی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
3. خستنەڕووی ڕۆڵی دایەنگە ناحکومی یەکان لە پرۆسەی فێربوونی منداڵانی خاوەن پێداوێستی.

4. زانینی ئەو گۆڕانکاریيانەی، کە لە ڕەفتاری منداڵانی خاوەن پێداویستيدا ڕوودەدات، بـە تایبـەت لـە ڕووی (جێبـەجێکردنی ڕێنمایی، فێربوونی یاساکانەوە)

باسی دووەم: پێناسەی چەمك و زاراوە زانستییەکان:-
یەکەم: ڕۆل :- The role:- پێناسەکان بۆ چەمکی ڕۆڵ فرە ڕەهەند و جۆراوجۆرن، ماکس ڤیبر (Max veber) پێـی وایـە ڕۆڵ بریتییە لە هەر جۆرە چالاکی و کردارێك، کە تاکێك ئەنجامی دەدات، پەیوەنـدی بـە ڕۆڵـی تاکـەکانی دیکـەی کۆمەڵگـەوە هەبێت (حسن،2012، لا197) هەروەها ڕۆڵ بەو شێوەیە پێناسەکراوە، کە ئەو کردار و ڕەفتارانەیە چاوەڕوان دەکرێت تاکێك بیگێرێت لەو پێگەیەی، کە تێدایە، هاوشێوەی ئەو ڕۆڵەی ئەکتەرەکان دەینوێنن (احمد، 2000، ص265).
پێناسەی ڕێکاری :- لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە چەمکی ڕۆڵ کۆمەڵـە ڕەفتـار و چالاکییەکـە لـە لایـەن تاکـەکانی دایەنگـە ناحکومییەکان وە پەیڕەو دەکرێت، بە مەبەستی ڕێنماییکردن و کاریگەر بوون لەسـەر گەشـەپێدان و پـەروەردەکردنی منـداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت.
دووەم: دایەنگە :- بە پێی ڕێنمایی و یاساکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پێناسەی دایەنگە بەو جۆرە خراوەتـەڕوو، بـریتییە لەو دامەزراوەیەی کـار دەکـات بـۆ ڕەخسـاندنی بـارودۆخ و ژینـگەی گونجـاو بـۆ گەشـەکردنی سروشتی و پێگەیانـدنی کەسـێتی منـداڵ، هەروەهـا بەهێزکردنـی بۆچـوون و ڕفتاریـان لە ڕێـگەی جێبەجێکردنـی پرۆگرامـی پەروەردەیی هاوچەرخ لە بواری ڕۆشنبیری و هزری و کـات بەسـەربردن (بەڕێـوبەرایەتی گشـتی چـاودێری و گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتی،٢٠١٩).
پێناسـەی ڕێکـاری دایەنگـەی نـاحکومی:- مەبەسـتمان هـەموو ئـەو دامەزراوانـەی کـە لـە ژێـر چـاودێری وەزارەتـی کـار و کاروباری کۆمەڵایەتی مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە، لە لایەن کەسانی خاوەن پـرۆژە بـەڕێوەدەبرین. لـە شـاری سـلێمانی ئەم دامەزراوانە کار دەکـەن بـۆ ڕەخسـاندنی ژینگەیـەکی گونجـاو بـۆ گەشـەکردنی هـزری و کۆمەڵایـەتی و دەروونـدروسـتی منداڵ، هەروەها بەهێزکردنی بۆچوون و ڕفتاریان لە ڕێگەی جێبەجـێ کردنـی پرۆگرامـی پەروەردەیـی هـاوچەرخ لەبـواری دەروونی و هزری و کۆمەڵایەتی.
سێیەم: پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی :- Socialization ئەم چەمکە لە چەندین گۆشەنیگاوە پێناسەی بۆ کـراوە، کـورتترین پێناسـە بریتییە لە گۆڕینی مرۆڤ لە بوونـەوەرێکی بایۆلۆجییـەوە بـۆ بوونـەوەرێکی کۆمەڵایـەتی، لـە پێنـاو بـەردەوامبوون لـە ژیـانی کۆمەڵگەیی (غریب، 2009، ص114). هـەروەها ئـەنتۆنی گیـدنز پێـی وایـە، پرۆسـەی پێگەیانـدنی کۆمەڵایـەتی پرۆسـەیەکە بەهۆیـەوە منـداڵ و تاکـەکانی نێـو کۆمەڵگـە فێـری شـێواز و لێهاتووییـەکانی ژیانـدەبن، بـە یەکـەمین ناوەنـدی گواسـتنەوەی ڕۆشنبیری بۆ نەوەکانی ئایندە دادەنرێت (غدنز، 2005، ص87).
پێناسـەی ڕێکـاری:- مەبەسـتمان لـە پێگەیانـدنی کۆمەڵایـەتی پرۆسـەی گەشـەپێدانە بـە توانـا و لێهاتوویـەکانی منـداڵی خـاوەن پێداویستی تایبەت، ئەو خزمەتگوزارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی، لە دایەنگە ناحکومییەکاندا پێشکەش بـە منـداڵی خـاوەن پێداویستی دەکریت و کاریگەری لە سەر شیاندنەوە و پەروەدە و پێگەیاندنی دەبێت.
چوارەم: خاوەن پێداویستی تایبەت :- Special Needs:- بریتیە لە تاکێک، کە لە تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی یـان سـۆزداریی و توانای پەیوەندی کۆمەڵایەتی جیاوازە لە کەسێکی ئاسایی، هەروەها لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە، پێوسـتی بـە جۆرێك هاوکاری دەبێت، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی بەکارهێنانی توانا و بەهرەکانی(افنجر، 2000، ص 86). هەروەها پێناسەی دەکرێـت بە گرووپێك لە تاکەکان، کـە لـە ڕووی (جەسـتەیی، دەروونـی، عەقڵی)یـەوە جیـاوازن، هـەر بۆیـە پیویسـتیان بـە جۆرێك لـە چاودێریکردن و پێگەیاندنی تایبەت هەیە، کە گونجاو بیت لـە گـەڵ توانـا و لێهاتووییەکانیانـدا لـە پێنـاو گەشـتن بـە ئاسـتێك لـە خۆگونجاندن (نعمان، 2022، ص53). یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی کەسـانی خـاوەن تایبـەت لـە هـەرێمی کوردسـتان- عێـراق بەمشیوەیە پێناسەی خاوەن پیداویستی تایبەتی کردووە، کە هەر تاکێك دوچاری ناتوانایی بەشەکی، جەستەیی، ناجەسـتەیی، بـە شـێوەیەکی نـەگۆڕ ببێـت، لـە هـەر یـەك لـە هەسـتەکانی، یـان توانـای جەسـتەیی، دەروونـی، عـەقلی بـە جۆریـك ڕێگـری لـە ئەنجامدانی کاروباری ئەندامێك یان زیاتر لە ئەندامێك بگرێت، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ڕیگـرتن لـە بەدەسـتهێنانی پێداویسـتییە ئاساییەکانی ژیانی (عەبدول، 2012، لا14)
پێناسـەی ڕێکـاری:- بـریتییە لە بـارودۆخێکی جەسـتەیی یـاخود دەروونـی کـە تاکیـك لـە تـاکێکی دیکـە جیـا دەکـاتەوە، جـا ئەم بارودۆخە لە لەدایکبوونەوە بێت یاخود بەهۆکارێکی نەخوازراوەوە بێت، کاریگەری لەسەر ئەرک و تواناکانی تاک دەکات بە ڕاستەوخۆ یـاخود ناڕاسـتەوخۆ. لـەم توێژینەوەیـەدا مەبەسـتمان لـە خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت ئـەو منداڵانـەن، کـە لـە ڕووی تایبەتمەندی (جەستەیی، دەروونی، عەقڵی)یەوە، لە ئاستێکدان کـە پێویسـتیان بـە هاوکـاریکردن و پێگەیانـدنی جیـاواز دەبێـت، بەشێکی زۆری ئەو شێوازە لە پەروەردەش لە لایەن دایەنگا و سەنتەر و ڕێکخراوەکانەوە دابیندەکریت.

بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

باسی یەکەم: تەوەری تایبەت بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵ لە دایەنگە.

یەکەم: کورتەیەك دەربارەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:-

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (socialization) وەك چەمکێکی تایبەت بە پەروەردەکردنی تاك، مێژوویەکەیەکی دێرینی نییە، بیرۆکەی بەکارهێنانی بۆ ساڵی (1939) دەگەڕێتەوە، پاشان لە نێو زانستەکانی وەك (دەروونناسی، کۆمەڵناسی) بەکارهات و هزر و بیری زۆرێك لە بیرمەندانی بوارەکەی بە خۆیەوە سەرقاڵکرد، هەر لە سەرەتاوە هەریەک لە بیرمەندان ئوگبرن و نیمیکۆف (William F. Ogburn Meyer F. Nimkoff) ئاماژەیان بەو گۆڕانکارییانە کردووە کە بەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروون منداڵدا دێت بەرئەنجامی پرۆسەی پێگەیاندن، ئەویش گۆڕینی منداڵە لە بوونەوەرێکی بایۆلۆجییەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، چونکە لە دایکبوون بە مانای بەدیهاتنی بوونەوەرێکی بایۆلۆجییە و دامەزراوە کۆمەڵاتییەکانیش بە تایبەت دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕۆڵ دەبینن بۆ گۆڕینی بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی فێرکردن و گرنگیدان بە لێهاتوویەکان و پێدانی ڕۆڵە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن بە منداڵ (شاسواری،٢٠١٢ ٧٢-٧١). پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی بەردەوامە لە دایکبوونەوە دەستپێدەکات تاوەکو مردن، لە هەردوو ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە کار لەسەر تاك دەکات و ڕەگەزە کلتووری و بەها کۆمەڵایەتییەکانی پێدەبەخشێت، ئەمە جگە لەوەی لە ڕێگەی یاسا و ڕێنماییەوە کۆنترۆلی تاك دەکات بە ئامانجی بونیادنانی کەسیەتییەکی کۆمەڵایەتی و گونجاو بە پێی قۆناغەکانی تەمەن (العمر، 2004، ص18). هەر بۆیە تاك لە هەر قۆناغێکی تەمەنیدا دەکەوێتە ژێر ڕکێفی کۆمەڵێك لە دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە، کە دەتوانین بە پێی نزیکەی لە ناونیشانی توێژینەوەکە باس لە دوو قۆناغی گرنگی ژیانی منداڵ بکەین:-

1. قۆناغی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سەرەتایی:- ئەم قۆناغە لە دەستپێکی یەکەمی ژیانی منداڵەوە دەستپێدەکات، یەکەم ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵە، بە وێستگەیەکی گرنگ و هەستیار دادەنرێت لە ژیانی منداڵدا، بەو پێیەی قۆناغەکە هاوتەریبە لەگەڵ پێنج ساڵی یەکەمی ژیانی مرۆڤ، کە لە لایەن زۆرێك لە دەروونناسانەوە دادەنرێت بە قۆناغی درووستبوونی کەسیەتی منداڵ لە ئایندەدا، بەشی زۆری ئەم سەردەمەی منداڵ لە نێو خێزان و دایەنگە بەسەر دەبرێت، بە تایبەت لە دوای ساڵی یەکەمی منداڵییەوە، بەشێکی منداڵان بە هەر هۆکارێك بێت پەیوەندی بە دایەنگەوە دەکەن و ڕۆژانە بۆ چەندین کاتژمێر ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەر دەبەن، منداڵ بە شێوەیەکی لە شێوەکان فێری پەروەردە دەکریت و بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی لە دایەنگە فێری (وەرگرتنی کلتور، داب و نەریت، زمان، بەها کۆمەڵایەتییەکان، ژمارە، ڕەنگ، پیت.....هتد) دەبێت (حوسو، 2009، لا 113). بەم پێیەش ئەرکی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەیەکی وەك دایەنگە زیاتر کاریگەری لەسەر منداڵ دەبیت و ناونیشانی توێژینەوەکەش زیاتر لەگەڵ ئەم قۆناغەدا نزیکایەتی هەیە، بۆیە بە کورتی دەتوانین لە چەند خاڵیکدا کاریگەرییەکانی دایەنگە لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵ بخەینەڕوو:-

1. دایەنگە توانای خۆگونجاندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵ زیاد دەکات، لە ڕێگەی ئاشنا بوون بە سیستمێکی نوێ ژیان و تێکەڵاوبوون لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا. ئەمەش بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی گرنگی تایبەتی هەیە و شارەزایی مامەڵەی نوێ دەبێت لەگەڵ دەورووبەردا.
2. منداڵ لە ڕێگەی دایەنگەوە گەشە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەدرێت و توانای کارلێککردن و بونیادنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا زیاتر دەبێت، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەو منداڵانە دەبێت، کە گۆشەگیرن یان کێشەی دواکەوتنی زمانیان هەیە.
3. گەشەپێدان بە لایەنی مەعریفی و هزری منداڵ، کە لەم ڕێگەیەوە منداڵ فێر دەکرێت، وشەی نوێ وەردەگرێت، یاسا و ڕێنماییەکان جێبەجێدەکات (علی، 2023، لا13)
4. گەشەکردنی لایەنی دەروونی منداڵ، هەستکردن بە خود، درووستبوونی متمانە، نەمانی گۆشەگیری، ئەرك و ڕۆڵ بینین، پشت بەخۆبەستن، هەموو ئەمانە دەتوانین وەك ئەرکی دایەنگە بەرامبەر بە منداڵ سەیر بکرێت.

5. فێربوونی بەهای کۆمەڵایەتی نوێ بە تایبەت (گیانی هاوکاری، هاوبەشی کردن، سۆز و میهرەبانی، لێبوردەیی) (عثمان، 2018، ص187-189).

6. گەشەپێدان بە توانا و لێهاتوویەکانی منداڵ، دۆزینەوەی بەهرە و تواناکانی منداڵ، دەستنیشانکردنی ئاستی زیرەکی و جۆرەکانی، ئەمەش گرنگە بۆ دیاریکردنی ئاراستەی شێوازی ڕینماییکردنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت.

7. گەشەپێدان بە لایەنی رەفتاری، هزری، جەستەیی منداڵ، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێت، چونکە قۆناغیکی گونجاوە بۆ چاندنی بەهاکان و درووستبوونی ناسنامەی کۆمەڵایەتی لای منداڵ (العمر، 2004، ص174). بەو پێیەی منداڵ لەم تەمەندا تارادەیەك خۆی بەرپرس نیە لە ئەنجامدانی ڕەفتارەکانی، بەڵکو ئەوە دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە بە تایبەت(خێزان، دایەنگە، باخچە) رۆڵیکی گرنگ دەبینن لە ئاراستە کردنی رەفتار و فێربوون و پەروەردەکردنی منداڵدا

2. قۆناغی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ناوەندی :- ئەم وێستگەیە بە دووەم ئەزموونی ژیانی منداڵ دادەنرێت، کە لەو چوارچێوەیەدا جگە لە دامەزراوەی خێزان و دایەنگە چەندین دامەزراوەی دیکە بەشداریدەکەن لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵدا، لەوانەش باخچەی منداڵان و قوتابخانە و گرووپی هاوڕێ،کە سەرجەمیان ئەرك و بەرپرسیاریەتی پەروەدەکردنی منداڵ لە ئەستۆ دەگرن و بە شێوازی تایبەت کاریگەری لەسەر ژیان و کەسیەتی منداڵ بەجێدەهێڵن (غدنز، 2005، لا88). ئەوەی پەیوەستە بە بابەتی توێژینەوەکەمانە دامەزراوەی باخچەی منداڵان و قوتابخانەیە، وەك درێژە پێدەری دایەنگە، کە جگە لەوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵ تێیاندا بەرجەستە دەبێت، لە هەمانکاتیشدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە هاوکاریکردن و شیاندنەوەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەمەش لە ڕێگەی بوونی مامۆستای تایبەت لە بواری پەروەردە و باخچەی منداڵ و پەروەردەی تایبەت.

3. قۆناغی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەردەوام :- ئەم قۆناغە بریتییە لە کاریگەری بەردەوامی هەموو دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، کە بە درێژایی تەمەنی تاك کاریگەر لەسەر کەسیەتی و لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هزری بەجێدەهێڵرێت، بە شێوەی مەبەستدار بێت یاخود بێ مەبەست.)(علی، 2023، لا19).

دووەم: تیۆری پەیوەست بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:- Socialization Theory

چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بابەت گرنگ و پڕ بایەخەکانی کایەی دەروونناسی و کۆمەڵناسی، بە جۆرێك هزری زۆرێك لە بیرمەندانی ئەم دوو زانستەی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە، هەر یەکێکیان لە گۆشەنیگایەکەوە شرۆڤە و گەنگەشەی دەکات، هەندێکیان پەیوەستی دەکەنەوە بە لایەنی دەروونی و هەندێکی دیکەش بە لایەنی کۆمەڵایەتی، ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە، کە ئەم چەمکە لە هەر ڕوانگەیەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت کاریگەری تایبەتی دەبیت لەسەر بوارەکەو ئەمە جگە لەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی هێندە ئاڵۆزە، کە ناتوانین لە ڕوانگەی تیۆرێکی دیاریکراو یاخود بۆچوونی بیرمەندێکەوە خوێندنەوەی وردی بۆ بکرێت، هەر بۆیە تیۆرەکان فرە ڕەهەندن، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ئەوەی جێگەی ڕونکردنەوەیە توێژەران ناتوانن هەموو ئەو تیۆرانە بخەنەڕوو و گەنگەشەی بکەن، تەنها یەك تیۆر دەخەینە ڕوو، کە هەستدەکەین لەگەڵ ناونیشان و ناوەرۆکی توێژینەوەکەدا لە هەموویان زیاتر گونجاوترە، ئەویش تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتییە (Social education theory). ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە تاك لە ڕێگەی ڕەفتاری کەسانی دیکەوە فێر دەبێت، بە واتایەکی دیکە ڕەفتارەکانی تاك کۆمەڵە ڕەفتارێکی وەرگیراون لە چوارچێوەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێگەی دامەزراوەکانی دەورووبەرەوە بۆ تاك دەگوێزرێتەوە، بەو پێیەی مرۆڤ لە نێو ژینگەی کۆمەڵایەتیدا لە ڕێگەی تێکەڵبوون، تێبینیکردن، دووبارەکردنەوەی ڕەفتارەکانی کەسانی دیکەوە ڕەفتارەکان وەردەگرێت و لە ژیانی ئایندەی خۆیدا بەرجەستەی دەکاتەوە، پێشەنگەکانی ئەم تیۆرە پێیانوایە فێربوون تەنها بریتی نییە لە چەمکی وەڵام و وروژێنەر، وەك ئەوەی تیوریستەکانی تیۆری ڕەفتاری باوەڕیان پێیبوو، بەڵکو پێیانوایە لە نێوان وەڵام و وروژێنەرەوە چەندین پێکهاتەی ئاڵۆز بوونی هەیە، ئەو پێکهاتانەش لەژێر کاریگەری ئەزموونی پێشووی تاك و دۆخی ئێستای ژینگەی فێرکردندایە (محمد، 2023، لا51).

لە نێو پێشەنگەکانی ئەم تیۆرەدا چەندین بیرمەند لە چەندین گۆشەنیگاوی جیاوازەوە بۆچوونیان دەربارەی شێوازی فێربوونی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی وەرگرتن و فێربوونی ڕەفتارەکان لە لایەن تاکەوە خستووەتەڕوو، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنها جەخت لەسەر بۆچوونەکانی بیرمەندنی کەنەدی البرت باندۆرا Albert Bandura (1925- 2021) دەکەینەوە، وەك

دامەزرێنەری میتۆدی فێربوونی کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی ئەو زیاتر لە هەموو بیرمەندانی دیکەی ئەم تیۆرە بەشداری زیاتری لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و فێربوون لە ڕێگەی تێبینیکردن و دوبارەکردنەوەی ڕەفتارەوە کردووە. هەر لەو ڕوانگەوە باندۆرا یەکەم توێژینەوەی دەربارەی فێربوونی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی لاسایکردنەوە ئەنجامدا، پاشان بە مەبەستی ڕونکردنەوەی کاریگەری تێبینیکردن لەسەر پرسی فێربوون تاقیکردنەوەیەکی لەسەر منداڵانی باخچە ئەنجامدا، ئامانج لە تاقیکردنەوەکەی خستنەڕووی مۆدێلی شەرەنگێزی لە نێوان گرووپی منداڵەکاندا لە ڕێگەی سەرنجدان و تێبینیکردنەوە، پاشان دوبارەکردنەوەی جۆری ڕەفتارەکان(قادر،2020، لا222-223). باندۆرا پێی وابوو ڕەفتارەکانی تاك بە شێوەی درووست و نادرووست کردەوە گەڵیکن تاك لە ڕێگەی ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە وەریاندەگریت،کە بە شێوەیەکی گشتی خۆی لە چوار پرۆسەی سەرەکیدا دەبینێتەوە، ئەوانیش:-

1. پرۆسەی سەرنجدان و تێبینیکردن:- Attentional processes

باندۆرا پێی وابوو، کە سەرچاوەی یەکەمی فێربوونی تاك بۆ پرۆسەی سەرنجدان دەگەڕێتەوە، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە، هەر بۆیە گرنگیدەدا بە ئەزموونەکانی تاك لە قۆناغی منداڵیدا، بەو پێیەی وای بۆدەچوو منداڵ لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنیدا دەست بە فێربوونی نموونەی کۆمەڵایەتی دەکات و هەموو هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی بەرامبەر لای ئەم جێگەی سەرنجدانە (احمد ، 2024، لا29). باندۆرا لەو باوەڕەدابوو ڕەفتارەکانی تاك بە شێوەیەکی بەردەوام دەگۆڕێت بەرئەنجامی تێبینیکردنی ڕەفتاری کەسێکی دیکەوە لە چوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە، کە ناوەندێکە بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکاندا و هاوکات دۆخێکی گونجاو بۆ تاکەکان دەستەبەر دەکات تاوەکو پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتر درووست بکەن، پاشان تێبینی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی یەکتر دەکەن، دواجار شێوەی ڕەفتارەکانیان گۆڕانکاری بە سەردا دێت و وەڵامدانەوەکان جیاواز دەبن. (قادر، 2008، لا40-41). دەتوانین ئەم پرۆسەیە ببەستینەوە بە ژیانی منداڵ لە دامەزراوەی دایەنگە، بەو پێیەی ئەزمونێکی نوێیە لە ژیانی و یەکەم وێستگەی مانەوەیەتی بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان، قۆناغێکە بەشێکی زۆری منداڵان دوچاری شڵەژانی جیابوونەوە دەبنەوە، هەر بۆیە ئەو ماوەیەی لە دایەنگە بەسەر دەبن سەرنج و تێبینی زۆریان لادروست دەبێت لە رووی (ژینگەی دایەنگە، یاریکردن، خواردن، مامۆستا، هاوڕێ، ڕێنماییەکان، شێوازی قسەکردن) کە لە قۆناغەکانی دواتردا کاریگەرییەکەی بە تەواوی دەردەکەوێت.

2. پرۆسەی پاراستن:- Retention processes

پاش ئەوەی لە پرۆسەی یەکەمدا تاك سەرنجی کار و کردەوەکانی بەرامبەری دا، لێرەدا ئیدی دەکەوێتە ژێر کاریگەری نموونەکەوە و سەرجەم ئەو ڕەفتارانەی، کە سەرنجی داوە لە یادگە و یادەوەری تاکدا جێگیر دەبێت. بەمەش پاش ماوەیەك لە درووستبوونی پەیوەندی و کارلێك ڕاستەوخۆ ڕەفتارەکانی لای تاك دەچەسپێ. ئەم قۆناغەش لە ژیانی منداڵ لە دایەنگە خۆی دەبینێتەوە لەو ماوەییەی سەرنج و تێبینی ڕوداوەکانی نێو دایەنگەی کردووە و لە هزریدا دەچەسپێت و ئامادە دەبێت بۆ ئەنجامدانەوەی و لاسایکردنەوە (احمد، 2024، لا40)

3. پرۆسەی دوبارەکردنەوەی جوڵەکان:- Motor reproduction processes

ئەم قۆناغە لای باندۆرا قۆناغی لاسایکردنەوە و دوبارەکردنەوەی ڕەفتارە بینراوەکانە، پێی وایە هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی فێربوونە، بەو پێیەی لەم قۆناغەدا منداڵ لەسەر بنەمای ئەو کردار و ڕەفتارانەی کە توانای ئەنجامدانی هەیە، هەڵدەستی بە ئەنجامدانی پرۆسەی دوبارەکردنەوە و لاسایکردنەوەی بەشێك لەو ڕەفتارانەی، کە لە قۆناغی یەکەمدا لە ڕێگەی سەرنجدانەوە وەریگرتبوو (قادر، 2008، لا43) بە واتایەکی دیکە منداڵ هەمان ئەو ڕەفتارانەی لە رابردوودا لە ڕێگەی هەستەکانییەوە وەریگرتبوو، لە ئێستادا وەك ڕێبەرێك بۆ ئاراستەکردن و دوبارەکردنەوەی ڕەفتارەکانی لە داهاتوودا بەکاری دەهێنێتەوە.

4. پرۆسەی هاندان و بەهێزکردن Reinforcement and motivational processes

کۆتا قۆناغی فێربوونی کۆمەڵایەتییە، دوای ئەوەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی فێربوون بە شێوەیەکی زنجیرەیی بە کۆمەڵێك پرۆسەدا تێپەڕی کرد، ئیدی لێرەدا ئەو ڕەفتارانەی لە لایەن تاکێکەوە دەنوێنریت، لە ماوەیەکی کەمدا ڕووبەڕووی دۆخێکی دەکاتەوە، کە پەیوەستە بە قەبوڵێ کۆمەڵگەوە، بەو پێیەی گەر هاتوو ڕەفتارەکە پەسەند بوو جێگەی ڕەزامەندی ئەو دامەزراوە بوو ڕەفتارەکەی تێدا بەرجەستە کراوە، ئەوا تاك هاندەدرێت و پاداشت دەکرێت لە هەمبەر ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارانەی نواندوویەتی، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هاتوو ڕەفتارەکە ناپەسەند بوو و لەگەڵ پرێنسیپ و یاساکانی دامەزراوە یاخود کۆمەڵگەش گونجاو نەبوو، ئەوا تاك دوچاری سزادان دەبێتەوە و لێی قەبوڵ ناکریت و بەمەش تاك بەناچاری دەبیت وازی لێ بێنێت و دوبارەی نەکاتەوە (علی، 2024، لا30).

باسی دووەم:- تەوەری تایبەت بە منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت:-

یەکەم: کورتەیەك دەربارەی چەمکی خاوەن پێداویستی تایبەت:-

چەمکی خاوەن پێداویستی تایبەت ئاماژەیە بۆ بوونی جیاوازی لە ڕووی توانای (عەقڵی، جەستەیی، هەستی) یاخود تایبەتمەندی ڕەفتاری و زمان و خوێندنەوەی کەسێك لە بەرامبەر کەسانی ئاسایی (Normal Person) یان کەسێکی مامناوەند (Average person). (میلانی فر، 2012، لا6 ) یاخود کۆمەڵە تاکێکن لە ڕووی جەستە، دەروون، ژیرییەوە کەموکورتی تەواو یان بەشێك لە کەموکورتییان هەیە، تا ئەو ئاستەی توانای فێربوون و شیاندن و کارکردنی لاواز بێت و نەتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات و دواجار دەگاتە ئاستی کەسانی کەم توانا، بەمەش پێویستیان بە هاوکارییکردن و چاودێریکردن دەبێت، لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی خۆگونجاندنی خودی و کۆمەڵایەتییان(محمد، 2018، لا8) بۆچوونەکان جیاواز و فرە ئاراستەن دەربارەی شێوازی جیاکردنەوەی ئەو کەسانەی دەخرێنە نێو چوارچێوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتەوە، بە تایبەت سروشتی کۆمەڵگە و کلتوری کۆمەڵگە ڕۆڵێکی گرنگی لە دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی ئەم جۆرە کەسانەدا دەبینێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی پسپۆڕانی بوارەکە لەسەر ئەم گرووپانە هاوڕان، کە بخرێتە نێو ڕیزی خاوەن پێداویستی تایبەتەوە. ئەوانیش گرووپی (بەهرەمەندان، Gifted). (بوونی کێشەی دەروونی و عەقڵی Mental Impairment). (ناتوانایی بینین، Visual Impairment). (ناتوانایی بیستن، Hearing Impairment). (کێشەی جەستەیی و تەندرووستی ، Physical &health Impairments). (شڵەژانی ڕەفتار و هەڵچوون، Emotional Disorders). (کێشەی فێربوون، Learning Disabilities). (کێشەی زمان و دواکەوتنی زمان، Language & Speech Impairment). (ئۆتیزم، Autism ). (لاوازی فێربوون، Learning Weakness). (بوونی کێشەی پەیوەندی، Communication disorder). (عەبدول، 2012، لا14).

ئەوەی جێگەی تێبینییە بەشێکی زۆری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قۆناغی منداڵیدا دەتوانین پەی بە جۆری کەم تواناییەکەی ببرێت ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی درووست پەیوەندییان لەگەڵ ببسرێت و بە ئارادەیەکیش ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری دایکان و باوکان لەم دۆخەدا بە جۆرێك بێت شارەزا بن لە قۆناغەکانی گەشەکردنی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی منداڵ، لە ئەگەری زانینی جۆری کێشەکان لای منداڵ ڕاستەوخۆ بە شوێن چارەسەری گونجاودا بگەڕێنن، بەڵام لە ئەگەری ڕودانی هەر جۆرە کەمتەرخەمییەك، نەزانیین، پشتگوێخستن، بیانوو هێنانەوەیەك بۆ دەستنیشانکردنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەوا توانای ڕاهاتنی منداڵ لەگەڵ جۆری کەم تواناییەکەی زیاتر دەبێت و چارەسەرەکان ئاڵۆزتر دەبن، بەمەش دۆخی منداڵەکە بەرەو ئاراستەیەکی نادیار هەنگاو دەنێت، لەم ڕوانگەوە دایەنگە دامەزراوەیەکی گونجاو و لەبارە بۆ پەیوەندیکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، پاشان وەرگرتنی هەندێك چارەسەری تایبەت بە منداڵ و فێربوونی کۆمەڵێك بابەتی سودبەخش، کە خزمەت بە دۆخی تەندرووستی منداڵ دەکات. لە نموونەی ئەو جۆرە کێشانەی منداڵ کە لە دایەنگە چارەسەر دەکرێت دەتوانین ئاماژە بە:- دواکەوتنی گەشەی زمانەوانی، کێشەی، شڵەژانی ڕەفتار و هەڵچوون، کێشەی فێربوون، ئۆتیزم، فەرمجولە، لاوازی فێربوون، کێشەی پەیوەندی....هتد بکەین.

دووەم: ئاراستە و تێروانینەکان بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت:-

بە شێوەیەکی گشتی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە دەتوانرێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆیە، ئەو تێروانینە جیاوازەییە، کە لە نێوان ئاراستەی پزیشکی و ئاراستەی کۆمەڵایەتیدا بەدیدەکرێت، کە بە کورتی بۆچوونەکانی هەر دوو ئاراستەکە دەخەینەڕوو.

1. ئاراستەی پزیشکی:- Model Medical of Disability :- بە پێی بۆچوون و تێروانینی ئەم ئاراستەیە بێت، نەتوانایی و بوونی کێشەکانی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت کێشەیەکی بایۆلۆجیە و پەیوەستە بە خودی خۆیەوە، دۆخێکی تایبەتی تاکەکەسە، پەیوەستە بە تێکچوونی (Impairment) دۆخی کەسەکەوە، هەر بۆیە دوای دەستنیشانکردنی جۆری نەتواناییەکە ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و دەخرێنە ژێر چاودێری پزیشکیەوە، بەو پێیەی بەپێی پۆلێنبەندی ئەم ئاراستەیە بێت، منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت توانای ئەنجامدانی کار و ئەرکی تایبەت بە خۆی و ناتوانێت پشت بەخودی خۆی ببەستێت بۆ ئەنجامدانی کاروباری ڕۆژانەی ژیانی (القصاص، بدون سنه الطبع، ص12).
2. ئاراستەی کۆمەڵایەتی:- Social Model of Disability: لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە بە پێچەوانەی ئاراستەی پزیشکیەوە بیردەکەنەوە، پێیان وایە خاوەن پێداویستی تایبەت بابەتێکی کۆمەڵایەتیە نەك بایۆلۆجی، پشکی زۆری کێشەکانی کەسانی نەتوانا بەر کۆمەڵگە دەکەوێت نەك خودی کەسەکە، زیاتر پەیوەستی دەکەنەوە بە پرسی (سیستەمی

کۆمەڵگە، هۆشیاری تاك، کلتوری کۆمەڵگە، رۆشنبیری گشتی، خێزان، دامـەزراوکانی تـر). بـۆ ئـەوەی هـەڵی ژیـانێکی خوشگوزەران و باشتر بۆ ئەم چینە برەخسێت، پێویستە دووبارە پێداچوونەوە بە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا بکرێت، لـە رووی (مـاف، پێگـە، رۆڵ، ئـەرك)ەوە هاوشـێوەی کەسـانی ئاسـایی سـەیر بکـرێن و هـەموو ئاڵنگارییـە مـاددی و مەعنەوییانە تێکبشکێرین، کە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبـەت لـە کۆمەڵگـە جیادەکاتـەوە و جیاکـاری دەکـات لـە نێـوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا. هەر بۆیە پێویست بەوە دەکات کەسانی خاوەن پێداویستی هەمان مـاف و هەلانـەیان بـۆ برەخسێت، کـە بـۆ کەسـانی ئاسـایی رەخسـاوە. بـە پێـی ئـەم ئاراسـتەیە بێـت پیویسـتە لەسـەر دوو ئاسـتی سـەرەکی کـار لەسـەر هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بکرێت (عەبدول، 2012، لا61).

ئاستی یەکەم:- خۆ پاراستن پێش لەدایکبوونی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت:- ئەمەش پەیوەستە بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەشتنی هەر دوو رەگەز لەم روانگانەوە (دورکەوتنەوە لە هاوسـەرگیری خزمایـەتی، ئەنجامـدانی پشکنینی خوێن پێش هاوسەرگیری، ئەنجامدانی پشکنین پێش هاتنە هاتنە دونیای منـداڵ، ئاگـاداربوون لـە دۆخـی تەندرووسـتی دایك لە ماوەی دوگیانیدا، خۆپارێزی دایکان لە تووشبوون بە نەخۆشی، جێبەجێکردنی رینمـایی پزیشـکی) (اسـماعیل، 2009، ص9).

ئاستی دووەم:- شێوازی چاودێریکردنی منداڵانی خاوەن پێویست تایبەت لە کاتی لـە دایکبونـدا:- ئەمـەش خـۆی دەبینێتـەوە لـە تێکەڵکردنییان لەگەڵ کۆمەڵگە، سەیرکردنیان وەك منداڵێکی ئاسـایی، دابینکردنـی خزمـەتگوزاری دەروونـی و کۆمەڵایـەتی و جەستەیی، ئەنجامدانی راهێنانی پێویست، خزمەتگوزاری رێگەوبان، شوێنی تایبەت بۆ هاتوچوو (ساجر و کـاظم، بـدون سـنة الطبع, ص286).

بە گشتی ئاراستەی کۆمەڵایەتی تارادەیەك هاوسەنگتر لـە دۆخـی منـداڵی خـاوەن پیداویسـتی دەڕوانێـت و هەرچەنـدە بەشـێکی نەتوانایی بۆ خودی تاك دەگەڕێنێتەوە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا سیسـتم و رێکخسـتنی کۆمەڵگـەش بـەدەر نییـە لـە کـەموکورتیی، سیستمی کۆمەڵگە زیاتر بە جۆرێك رێکخستن و دارشتنی بۆ کراوە، کە تەنها لە بەرژەوەندی چینـی ئاسـایی کۆمەڵگـە بێـت و رەچاوی چینەکانی دیکـە نـەکراوە، بـە تایبـەت لـە بـواری پێشکەشـکردنی خزمـەتگوزاری و دابینکردنـی پێویسـتیەکانییان، بـۆ نموونە، کەمی ماف، رەچاونەکردنی دۆخی خاوەن پێداویستی تایبـەت لـە کـاتی درووسـتکردنی باڵەخانـە، سیسـتمی هـاتوچۆ، شێوازی نانخواردن، ئەنجامدانی چالاکی رۆژانە (عەبدول، 2012، لا 62).

به پێی تێروانینی ئەم ئاراستەیە بێت کۆمەڵگە بەرپرسی یەکەمە لە دابینکردنی کۆی ئەو خزمەتگوزاریانەی بۆ بەسەربردنی ژیانێکی ئاسایی بـۆ خـاوەن پێداوێسـتی تایبـەت پێویسـتە، لـەم روانگـەوە دایەنگـە و باخچـەی منـداڵان قۆنـاغیکی گونجـاوە بـۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، لـە رووی وەرگرتنیـان لـە دایەنگـە و باخچـەکان، کـارکردن لەسـەریان، دابینکردنی سەرجەم ئەو خزمەتگوزارییە دەروونی، کۆمەڵایەتی، جەستەییانەی، کە بۆ ژیـانی ئاسـاییان گونجـاوە. وەرگرتنـی راهێنـان، رێنمـایکردنی دایـك و بـاوك و مامۆسـتایانی. هـەر بۆیـە ئێمـە جـەخت دەکەینـەوە سـەر رۆڵـی دایەنگـە وەك یەکـەم ئەزموونی ژیانی منداڵ لە دەرەوەی خێزان و یەکەم تێکـەڵاوبوونی لەگـەڵ هاوتەمەنـەکانی خۆیـدا لـە پێگەیانـدنی کۆمەڵایـەتی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتدا.

بەشی سێیەم: رێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:- (Research Methods) میتۆد ئاماژەیە بۆ رێگـە و شـێوازی جۆراوجـۆر، کـە تـوێژەران لـە کـاتی ئەنجامـدانی توێژینـەوەکانیان پشـتی پێدەبەسـتن، خـۆی دەبینێتـەوە لـە کۆکردنـەوەی زانیـاری، پـۆلێنکردن، راڤـەکردنی زانستییانە (خمش، 2005، لا249). ئەم توێژینەوەیە لە روی جۆرەوە بە توێژینەوەیـەکی چەندیەتییـە، بـەو پێیـەی پشـتمان بـە فۆرمی راپرسی بەستووە، بەڵام لە رووی میتۆدەوە کار بە میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی کراوە، کـە یەکێکـە لـەو میتۆدانـەی گونجاوە لەگەڵ زۆرێك لە توێژینەوەکانی بواری مرۆییدا، بە ئامانجی دیاریکردنی دۆخی ئێستای دیاردەکە یاخود کێشەکە، لەو چوارچێوەیەدا داتاکان کۆ دەکرێتەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەکریت و هەوڵی راڤەکردن و گەشتن بە راستی زانستی دەدرێت.

دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:- (Research Population) لە سەرجەم دایەنگە ناحکومییەکانی سەنتەری شـاری سـلێمانی پێکدێت، کە ژمارەیان (34) دایەنگە بۆ ساڵی (2024-2025).

سـێیەم: نموونــەی توێژینەوەکــە (Research Sample):- پێکـدێت لـە ژمارەیـەکی دیـاریکراو لـە ئەنـدامانی کۆمەڵگـەی توێژینەوەکە، چـوار دایەنگـە دەستنیشـانکراوە [1] ئـەوانیش دایەنگـەی( گـوێژە[2]، دایەنگـەی لالـە[3]، دایەنگـەی ئـەمریکان کیـدس کلەب)[4]. لە چوار ناوچەی جیاوازی شاری سلێمانی بە شێوەی هەرەمەکی وەرگیراون.

[1] یەکێك لە دایەنگەکان رەزامەندی نەدا، کە ناوی دایەنگەکە لە توێژینەوەکەدا بنووسرێت، ئێمەش وەك رێکەوتنێکی پیشەیی و بە پابەندبوونمان بە ئیتیکی توێژینەوە، بۆیە ناوی دایەنگەکە لای توێژەران پارێزراوە.

sjh@univsul.edu.iq

چوارەم: سنوری توێژینەوەکە:-
سنوری شوێنی:- بریتییە لە سەنتەری شاری سلێمانی.
سنوری مرۆیی:- لە کۆمەڵێك دایك و باوك پێکدیت، کە خاوەن منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتن و لە یەکێك لەو چوار دایەنگەی کە دەستنیشانکراوە خراونەتە بەردەم چاودێری و پرۆسەی پەروەردە و فێربوون. ژمارەی دایك و باوکەکان بریتیی بوو (60) دایك و باوك.
سنووری کاتی: ئەم توێژینەوە لە ڕێکەوتی (1-10-2024) دەستکراوە بەئەنجامدانی و لە ڕێکەوتی (17-11-2024) گەشتووەتە ئەنجامی کۆتایی.
پێنجەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:- کە بریتی بوو لە فۆرمێکی ڕاپرسی، پێکهاتبوو لە (شەش) پرسیاری گشتی و (بیست و دوو) پرسیاری زانستی، پرسیارەکان بەسەر چوار بواردا دابەشکرابوون، ئەوانیش بواری (دەروونی، کۆمەڵایەتی، فێربوون، ڕێنمایی) دوای ئەوەی لە لایەن کۆمەڵێك پسپۆڕەوە هەڵسەنگاندن بۆ فۆرمەکە ئەنجامدرا، دواجار دەستکرا بە دابەشکردنی بەسەر دایك و باوکی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەو چوار دایەنگەیە.
شەشەم: ئامرازی شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان:- پشت بە ڕێژەی سەدی بەستراوە، واتە وەڵامی لێتوێژراوە لەسەر ژمارەی فۆرم، پاش دابەش سەد.

بەشی چوارەم: خستنەڕووی دەرەنجامی توێژینەوەکە.
یەکەم: - هەنگاوەکانی شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و خستنەڕووی خشتەکان:-
خستنەڕووی خشتەکان و شیکردنەوەیان بە یەکێك لە هەنگاوە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو، کە بە هۆی زۆری ژمارەی پرسیار و خشتەکانمان، پاشان بە پابەند بوونمان بە ڕێنمایی و شێوازی نوسینی توێژینەوەی کۆنفرانس، ناچارین بە شێوازێکی دیکە شیکردنەوەی بۆ خشتەکان بکرێت، لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی شیکردنەوەی بەشێکی زۆری پرسیارەکان بکەین و لە پاشکۆدا سەرجەم خشتەکان پێکەوە بخەینەڕوو.
سەبارەت بە پرسیارە گشتییەکانی توێژینەوە، کۆی ژمارەی لێتوێژراوان (60) کەس بوو، بە جۆرێك لە (70%) ئەندامان دایك و (30%) باوك بوون، سەبارەت بە تەمەنی دایکان و باوکان لە هەموو قۆناغەکانی تەمەن نموونە وەرگیراوە بە بە جۆرێك لە بیست ساڵ هەتاوەکو زیاتر لە 41 ساڵ. سەبارەت بە ڕەگەزی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت (55%) منداڵەکان کوڕ و (45%) کچ بوون. سەبارەت بە جۆری خاوەن پێداویستی تایبەت (35%) منداڵەکان کێشەی دواکەوتنی زمانەوانییان هەبوو ، لە (16%) کێشەی جەستەیی، لە (15%) کێشەی دەروونی ئوتیزم و فرەجولە، لە (18%) لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، لە (10%) کێشەی درنگ فێربوون و لە (5%) کێشەی دیکەیان هەبووە. (بروانە پاشکۆی 1).
سەبارەت بە پرسیارە زانستییەکانی توێژینەوەکە، خۆی لە چوار بواری سەرەکیدا دەبینییەوە ئەوانیش بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، فێربوون و فیرکردن، یاسا و ڕێنمایی).
**<u>بواری کۆمەڵایەتی:-</u>** چەند پرسیارێکی لە خۆگرتبوو، وەڵامی لیتوێژراوان بە شێوەیەك بوو، کە دایەنگە ناحکومییەکان ڕۆڵێکی ئەرێنیان هەبووە لە بەهێزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەشداریکردن لە بۆنە و ئاهەنگەکانی دایەنگە، هاوڕێیەتیکردنی منداڵانی هاوتەمەنی خۆی، بە جۆرێك لە (61%) ئەندامانی توێژینەوەکە پێیانوابوو چوونی منداڵەکەیان بۆ دایەنگە فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ بەهێزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تیکەڵبوونیان لەگەڵ ئەندامانی خێزان، لە بەرامبەردا (16%) لێتوێژراوان پێیان وابووە کە دایەنگە ڕۆلی نەبووە لە بەهێزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی منداڵەکانیان، لە (21%) یش بە تاڕادەیەك وەڵامیان داوەتەوە. سەبارەت بە هاوڕییەتیکردنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ هاوتەمەن و کەسانی ئاساییدا (67%) ئەندامان لەو باوەڕەدابوون منداڵەکانیان هاوڕیەتی کەسانی دیکە دەکەن و (19%) یش پیان وابووە، کە نەخێر منداڵەکانیان نەیانتوانیوە پەیوەندیەکی ئاسایی ببەستن لەگەڵ هاوپۆلەکانیاندا. سەبارەت بە سەردانیکردنی ستافی دایەنگە بۆ ماڵی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بەهێزبوونی پەیوەندی نێوان دایەنگە و خێزان، (91%) ئەندامان پێیان وایە ستافی دایەنگە سەردانی خێزانییان نەکردووە، تەنها (8%) ی ئەندامان لە لایەن ستافی دایەنگەوە سەردانییان کراوە. کۆی وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بەم بوارە تاڕادەیەکی باش ئەرینی بوو و دەتوانین بڵێین دایەنگە ناحکومییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت

---

[2] ـ دایەنگەی شاری گوێژە دەکەوێتە نێو گوێژە سیتی دوو.
[3] دایەنگەی لالە، دەکەوێتە گەرەکی ئیبراهیم ئەحمد .
[4] دایەنگەی ئەمریکان کیدس کلەپ، دەکەوێتە گەرەکی قولەریسی.

**سەبارەت بە بواری دەروونی:-** پرسیارەکانی ئەم بوارە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتبوون، ئەوانیش (خۆگونجاندن، متمانە بەخۆبوون، پشت بەخۆبەستن) بوو. سەبارەت بە ڕۆڵی دایەنگە لە بەرزکردنەوەی ئاستی متمانەبەخۆبوونی منداڵ، (46%) ی ئەندامان پێیان وابوو کە دایەنگە ڕۆڵی هەبووە لە درووستکردنی هەستی متمانە بەخۆبوون لای منداڵەکانیان، لە بەرامبەردا (30%) پێیان وابووە تارادیەك رۆڵی هەبوو، و (23%) ئەندامانی نموونەکە لەو باوەڕەدا بوون کە نەخێر دایەنگەکە ڕۆلی نەبووە کە چاندنی ئەم چەمکە دەروونییە لای منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت. سەبارەت بە پرسیاری ئایا دایەنگە ڕۆڵی هەبووە لە کەمکردنەوەی ئاستی خۆگونجاندنی منداڵ، ، (68%) ئەندامان لەو باوەڕەدابوون، کە نەخێر رۆڵی نەبووە لە کەمکردنەوەی خۆگونجاندن، بەڵام لە (18%) ئەندامان پێیان وابووە کە دایەنگە هۆکارێك بووە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی خۆگونجاندنی منداڵەکەیان، بە هۆی زۆری داواکاری منداڵ و گۆرینی شێوازی پەروەردەکردنەوە، (13%) یش پیان وابووە، کە تاڕادەیەك هەست بە کەمبوونەوەی ئاستی خۆگونجاندنی منداڵەکانیان دەکەن. سەبارەت بە چەمکی پشت بەخۆبەستنی منداڵ دوای پەیوەندیکردنی بە دایەنگەوە، لە (42%) لێتوێژراوان پێانوابووە ئاستی پشت بەخۆبەستنی منداڵەکانیان بەرزبووەتەوە، لە بەرامبەردا (24%) لەو باوەڕەدابوون کە نەخێر ڕۆڵی نەبووە لە بابەتی پشتبەخۆبەستنی منداڵ، لە هەمانکاتدا (32%) پێیان وابووە تاڕادەیەك ڕۆلی هەبووە. کۆی گشتی وەڵامەکان سەبارەت بە بواری دەروونی دەرخەری ئەو ڕاستییەن دایەنگەکان ئەگەر لە ڕووی دەروونییەوە کار لەسەر منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن، دەتوانن بە ڕۆلی کارای خۆیان هەستن و هاوکار بن لە کەمکردنەوەی گرێی هەست بەکەمیکردن و گۆشەگیری و کەمی چالاکی.

**بواری فێربوون و فێرکردن**: - پرسیارەکانی ئەم بوارە لە چەند تەوەرێك پێکهاتبوون، سەبارەت بە فێربوونی رەفتاری نوێ لە لایەن منداڵەوە، (50%)ی ئەندامان پێیان وایە منداڵەکیان لە دایەنگە فێری رەفتاری نوێ بووە، لە (20%) پێیان وابووە، کە نەخێر شتێکی ئەوتۆ فێرنەبووە، لە (30%) پێیان وابووە تاڕادەیەك منداڵەکانیان بە هۆی دایەنگەوە فێری ڕەفتاری نوێ بووە. سەبارەت بە فێربوونی (ژمارە، پیت، ووشە، ڕەنگ). لە (61%) ئەندامان پێیان وابوو منداڵەکانیان بە هۆی دایەنگەوە فێری ئەو بابەتانە بوون، لە (15%) پێیان وابوو هیچ جۆرە پیت و ژمارە و وشەیەك فێرنەبوون، لە بەرامبەردا لە (23%)یش بە تاڕادەیەك وەڵامیان داوەتەوە. گەشەکردنی لایەنی زمانەوانی وەك پرسیارێکی سەربەخۆ ئاڕاستەی لێتوێژراوان کراوە، لە (50%)ی ئەندامان لەو باوەڕەدابوون بەهۆی دایەنگەوە ئاستی زمانەوانی منداڵەکەیان گەشەی کردووە، لە (18%) بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، واتە دایەنگە ڕۆڵی لە گەشەکردنی ئاستی زمانەوانی منداڵەکانیاندا نەبووە، لە (32%)یش بە تاڕادەیەك وەڵامیان داوەتەوە. سەبارەت بە فێربوونی ووشەی نەشیاو بە هۆی دایەنگەوە، لە (66%)ی ئەندامان پێیان وابوو منداڵەکەیان بە هۆی دایەنگەوە فێری وشەی نەشیاو نەبووە، لە بەرامبەردا (16%)ی لێتوێژراوان هەستییان کردووە، کە منداڵەکەیان بە هۆی دایەنگەوە فێری ووشەی نەشیاو بووە، هاوکات (16%) بە تاڕادەیەك وەڵامیان داوەتەوە. سەبارەت بە بواری فێربوون و فێرکردن دەتوانین بڵێین بەشیکی زۆری دایکان و باوکانی خاوەن منداڵی پێداویستی تایبەت، چاوەڕوانییەکی زۆرییان لە دایەنگەکان هەیە، کە لەم بوارەدا هاوکاری خێزان بن و بتوانن لە هەنگاوی یەکەمدا گەشە بە ئاستی زمانەوانی منداڵەکانیان بدەن و لەو ترسە ڕزگارییان بێت، کە بەهۆی دواکەوتنی زمانەوانییەوە لە ئایندەدا دوچاری دەبن.

تەوەری کۆتایی پرسیارەکانی توێژینەوە تایبەت بوو بە **بواری وەرگرتنی ڕێنمایی** لە بواری بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا، خەو، خواردن، لەگەڵ فێربوونی یاسا و ڕێساکان.

وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت چۆنیەتی بەکارهێنانی (موبایل، تەلەفزیون، ئایپاد) بە جۆرێك بوو لە (43%)ی لێتوێژراوان منداڵەکانیان ڕۆژانە لە نێوان (1-2) کاتژمێر تەکنۆلۆجیا بەکاردەهێنن، لە (19%)ی منداڵەکان زیاتر لە چوار کاتژمێر و (31%)یش لە نێوان (3-4) کاتژمێر بەکارهینەرن، تەنها (4،9)ی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت کەمتر لە یەك کاتژمێر تەکنۆلۆجیا بەکاردەهێنن، سەبارەت بە کاتی دیاریکراو بۆ نانخواردن، (40%) منداڵ کاتی نانخواردنی دیاریکراوە، (36%)ی منداڵەکان کاتی نانخواردنیان دیاریکراو نیە و (23%) یش بە تاڕادەیەك وەڵامیان داوەتەوە. سەبارەت بە کاتی خەوی منداڵان، لە (41%)ی لێتوێژراوان پێیان وابوو کێشەیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا هەیە سەبارەت بە کاتی خەوتنیان، لە (33%) پێیان وابوو توانیویانە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن و لە (21%) بە تاڕادەیەك وەڵامیان داوەتەوە. سەبارەت بە پابەندبوونی منداڵ بە یاسا و سیستمی دایەنگە، لە (61%) لێتوێژراوان پێیان وابوو منداڵەکانیان پابەندی ڕێنماییەکانی دایەنگەن و کێشەیان بۆ دروستنەبووە لەو بوارەوە، لە (23%) پێیان وابوو منداڵەکەیان پابەندی یاساکانی دایەنگە نابێت و کێشەی بۆ دایەنگە و خێزانیش دروستکردووە، لە (15%) بە تاڕادەیەك وەڵامیان داوەتەوە. سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی لە ماڵەوە، لە (48%)ی لێتوێژراوان پێیان وابوو منداڵەکانیان لەماڵەوە ئەو یاسا و ڕێنمایانە جێبەجێدەکەن کە لە دایەنگەوە وەریانگرتووە، بە تایبەت (پاکوخاوێنی دەست و دەموچاو، شۆردنی ددان، خۆشۆردن). لە (18%) پێیان وابوو لەم بوارەدا دایەنگە رۆڵی نەبووە، لە (33%) بە تاڕادەیەك وەڵامیان داوەتەوە. بە کورتی دەتوانین بڵێین، لە ڕوانگەی بۆچوونی لێتوێژرانەوە بێت منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت کەمتر ئارەزووی پابەند بوون دەکەن بە یاسا و ڕێنماییەك، کە ئاڕاستەیان

بکات و سنوور بۆ چالاك و ڕەفتارەکانیان دابنێت، هەر بۆیە دەبینین لەم بوارەدا تاڕادەیەك دایەنگە و خێزانیش نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی گونجاو کۆنترۆلی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی منداڵ بکەن. (بڕوانە پاشکۆی 1).

دووەم: دەرئەنجام، ڕاسپاردە، پێشنیازەکان.
بە سەرنجدان لە وەڵامی لێتوێژراوان، دەگەینە کۆمەڵێك دەرئەنجام، کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا گەنگەشەیان بکەین:-

1. سەبارەت بە گۆڕانکاریی لە لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت، وەڵامەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە بەشێکی زۆری ئەو منداڵانە بە هۆی چوونیان بۆ دایەنگە پەیوەندی کۆمەڵایەتییان بەهێزبووە، هەم لە سەر ئاستی هاوڕێیەتی منداڵان لە نێو دایەنگە هەم لە ئاستی خێزانی و فراوانبوونی بازنەی پەیوەندییە خێزانییەکان.
2. سەبارەت بە بواری دەروونی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، پەیوەندییەکی تاڕادەیەك باش بەدیکرا لە سەر ڕۆڵی دایەنگەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت. بە تایبەت چاندنی چەمکە گرنگەکانی وەك (متمانەبەخۆبوون، خۆگونجاندن، پشت بەخۆبەستن).
3. ڕۆڵی دایەنگە ناحکومییەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا بە ڕێژەیەکی باش ئەرێنی بوو، کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی زمان و فێربوونی پیت، وشە، ڕەنگ و ژمارە هەبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی هەبوو، بەشێکی کەم لە مندالانیش لە ڕێگەی هاوڕێکانیان لە دایەنگە ووشەی نەشیاو و ناپەسەند فێربون و لەماڵەوە بەکاریان هێناوە.
4. ڕۆڵی دایەنگە ناحکومییەکان لە ناچارکردنی منداڵان لە ماڵەوە بە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیا تاڕادەیەك لاواز بوو، بەشێکی زۆری منداڵان سەرەڕای ئەوەی چەندین کاتژمێر لە دایەنگە دەمێننەوە، بەڵام لە ماڵەوە بەکارهێنەری ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیان بە ڕێژەیەکی بەرز، ئەمەش خەمی بەشێکی زۆری دایکان و باوکان بوو، هەروەها بابەتی کاتی خەوتن و کاتی نانخواردنیش بە تەواوی کۆنترۆڵ نەکرابوو، هەندێك لە دایکان و باوکان ئاماژەیان بە مانەوەی منداڵەکانیان دەدا تا درنگانێکی شەو.

ڕاسپاردەکان:-

1. بۆ وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی:- گرنگیدان زیاتر بە دایەنگە و باخچەکان، ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووانی (کۆمەڵناسی، دەروونناسی، پەروەردەی تایبەت، باخچەی منداڵ) بەو پێیەی لە ڕووی زانستییەوە دەتوانن هاوکارێکی باش و بەسوود بن بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت. ئەمە جگە لەوەی ناچارکردنی سەرجەم دایەنگە و باخچەکان بە دابینکردنی پیویستیەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
2. بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان:- هاندانی کەناڵەکانی تەلەفزیون بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی بەردەوام و زانستی دەربارەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، ئەمەش سود بەخش دەبێت بۆ دایکان و باوکان و ستافی دایەنگە و باخچەکان، هەروەها ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەش گۆڕانی بەسەردا دێت.
3. بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:- گرنگیدانی زیاتر بە خێزانی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت، کارئاسانی بۆ کردنیان لە وەرگرتنی منداڵەکانیان لە هەموو دایەنگە و باخچەیەك، ئەنجامدانی خوول، ڕاهێنان، سیمینار و هەموو جۆرە چالاکیەکی زانستی بۆ ستافی دایەنگە، دایکان و باوکان.
4. بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان:- کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت لەسەر ئاستی زانکۆ، کە تێدا بە شێوەیەکی زانستی لە لایەن پسپۆڕانەوە کار لەسەر ئەم بابەتە بکرێ.
5. بۆ ستافی ئەکادیمی بەشەکانی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی:- ئەنجامدانی چالاکی و کۆنفرانسی نیودەوڵەتی تایبەت بە پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت

پێشنیازەکان:-
بۆ توێژەرانی پەیوەندیدار بەم بابەتانەوە :- ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت دەربارەی (ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە سەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت). (ڕۆڵی دایەنگە و باخچەی منداڵان لەسەر گەشەکردنی لایەنی زمانەوانی منداڵ)

سەرچاوەکان.

1. احمد، کاظم محمد زاهد (2014). شێوازەکانی مامەڵەی دایك و باوك و پەیوەندییان بە ناسنامەی کۆمەڵایەتییەوە لای خوێندکارانی زانکۆ، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی.
2. احمد، ماهر (2000). السلوك التنظيمي(مدخل بناء المهارات) طبع السابع، , إلسكندرية: الدار الجامعية
3. اسماعيل، سلوى ابراهيم (2009). تقييم الواقع الأطفال ذوي الاحتياجات الخاصة في العراق والخدمات المقدمة لهم، وزاره التخطيط والتعاون الانئمائية، دائرة التنمية البشرية، قسم السياسات الاجتماعية.
4. افنجر، يحيى (2000). التأهيل المهني لذوي االحتياجات الخاصة، دار الفكر للنشر، دمشق- سوريا.
5. حسن، احسان محمد (2013). تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان. و. دیدار ئەبو زەید، چ1 ،چاپخانەی ڕۆژهەلات.
6. حوسو ، عصمت محمد(2009):الجندر و الأبعاد الا جتماعيه و الثقافيه، التبعيه العربيه الأولى، دار الشروق اللنشر والتوز ،عمان ، الأ ردن .
7. خمش، مجدالدين عمر خيري (2005). علم الاجتماع الموضوع و المنهج. الاردن: دار مجدلاوى. الطبعة الثالث.
8. ساجر، كريم عبد و كاظم، عبدالسلام جواد (بدون سنة الطبع). اساليب رعاية وتأهيل ودمج الطلبة ذوي الاحتياجات خاصة. أشراقات تنموية، مجلة علمية محكمة، العدد الثاني عشر.
9. شاسوارى ، عادل (2013). بەکۆمەڵاتیبوون لە نێو ئەرکەکانی تایبەتمەندا. چابخانەی بینای، سلێمانی.
10. عثمان ، ابراهيم عيسى (2018) :مقدمه فى علم اجتماع ، الطبعهالعربيه الثانيه ، الأصدار الرابع ، دارلشروق للنشر توزيع ، عمان، الاردن.
11. علی، پشتیوان محمد (2023). پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە نێوان ماڵەکەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خێزانە جێگرەوەکان. توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی.
12. العمر، معن خليل (2004). التنشئه الاجتماعيه، الطبعة العربية الاولى, الاصدار الاول. دارالشروق للنشر و التوزيع. عمان. الاردن.
13. عەبدول، هێمن باقر (2012). ڕۆلی پەیوەندییە گشتییەکای دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە کۆمەڵگە، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی. نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی.
14. غدنز، انتونى (2005). علم الأجتماع، ت. د. فائز الصياغ، الطبعة الأولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
15. غريب، عبدالسميع (2009). علم الاجتماع. قسم علم الاجتماع، كلية الاداب، جامعة الحلوان.
16. قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین (2020). دەرونزانی پەروەردە و گەشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سایە، سلێمانی،
17. قادر، ژیا عباس (2008). ڕۆلی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر گیروگرفتەکانی هەرزەکار، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی.
18. القصاص، مهدى محمد (بدون سنه الطبع). التمكين الاجتماعي لذوي الاحتياجات الخاصة دراسة ميدانية، المؤتمر العربي الثاني، الإعاقة الذهنية بين التجنب والرعاية.
19. محمد، بهجت رحمان (2018). ڕێبەری مامۆستای پەروەردەی تایبەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، هەڵەبجە.
20. محمد، هیوا یاسین (2023). پەیوەندی نێوان دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و پەرگیری هزری و کاریگەری لە ئەنجامدانی تاوانە خێزانییەکان، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە بەڕیوەبەرایەتییەکانی چاکسازی شاری سلێمانی، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی.
21. میلانی فر، بهروز(2012). روانشناسی کودکان و نوجوانان استثنائی. چاپ بیست و دوم، نشر قومس، تهران.
22. نعمان، هەلات محمد (2022). الدعم النفسى و الاجتماعى لاسر الافراد ذوى الاحتياجات الخاصة فى مركز محافظة دهوك، مجلة الدولية للعلوم الانسانية و الاجتماعية، العدد (35).
23. سایتی فەرمی بەڕیوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. (2019)


پاشکۆی (1)

| وەڵامی پرسیارە گشتییەکان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەژداربوو | دایک | ٧٠,٠٠% | باوک | ٣٠,٠٠% | | |
| ئەمەنی بەشداربوو | ( ٢٠-٢٥) ساڵ ٪٨,٣ | (٢٦-٣٠)ساڵ ٪٢٣,٣ | (٣١-٣٥)ساڵ ٪٢١,٦ | (٣٦-٤٠)ساڵ ٪٣٣,٣ | (٤١-زیاتر)ساڵ ٪١٣,٣ | |
| ئایا منداڵەکەت پێش هاتنی بۆ دایەنگە هیچ جۆرە کێشەیەکی هەبووە | بەڵی | ٨٠,٠٠% | نەخێر | ٢٠,٠٠% | تارادەیەک | ٠,٠٠% |
| ڕەگەزی منداڵ | کچ | ٤٥,٠٠% | کوڕ | ٥٥,٠٠% | | |
| ئەو کێشەیەچیە کە منداڵەکەت هەیبووە | دڕەنگفێربوون ٪١٠ | لاوازی پ.کۆمەڵایەتی ٪١٨,٣ | کێشەی جەستەی ٪١٦,٧ | دواکەوتنی زمان ٪٣٥ | ئۆتیزم و فرەجوڵە ٪١٥ | کێشەی دیکە ٪٥ |
| منداڵەکەت لە ڕۆژێکدا چەند کاژمێر شاشەی ئەلکترۆنی بەکاردەهێنێت | کەمتر لە یەک ٪٤,٩ | یەک بۆ دوو ٪٤٣,٩ | سێ بۆ چوار ٪٣١,٧ | چوار و زیاتر ٪١٩,٥ | | |
| ئاستی خوێندنی دایک و باوکی بەژداربوو | بنەڕەتی | ئامادەی | پەیمانگا | زانکۆ | خوێندنی باڵا | |
| دایک | ٣ | ١٠ | ٢٠ | ٢٥ | ٢ | |
| باوک | ٥ | ٨ | ١٥ | ٣٠ | ٢ | |
| | | | | | | |

| پرسیارە تایبەتەکان | | | |
|---|---|---|---|
| پرسیار | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر |
| هەستدەکەیت بە هاتنی منداڵەکەت بۆ دایەنگە پەرەسەندنەکۆمەڵایەتیەکانی بەهێز بووبێت | ٦١,٧٠% | ٢١,٧٠% | ١٦,٧٠% |
| منداڵەکەت بەشداری لەیزنە و ئاهەنگەکانی ناو دایەنگە دەکات | ٦٧,٢٠% | ٢٠,٧٠% | ١٢,١٠% |
| ئایا ستافی دایەنگە سەردانی ماڵەوەتان دەکەن بۆ هاوکاریکردنی زیاتر لەگەڵ منداڵەکەت | ٨,٣٠% | ٠,٠٠% | ٩١,٧٠% |
| ئایا لە دایەنگە منداڵەکەت هاوڕێیەتی منداڵی دیکە دەکات | ٦٧,٣٠% | ١٩,٢٠% | ١٣,٥٠% |
| ئایا منداڵەکەت بە شێکی زۆری ڕێنمایی و یاساکانی دایەنگە لە ماڵەوە جێبەجێدەکات | ٥٨,٣٠% | ٣٣,٣٠% | ٨,٣٠% |
| منداڵەکەت لە دایەنگە فێری ڕەفتاری نوێ بووە | ٥٠,٠٠% | ٣٠,٠٠% | ٢٠,٠٠% |
| ئایا منداڵەکەت لە دایەنگە بەهای کۆمەڵایەتی نوێ فێربووە | ٤١,٧٠% | ٣٠,٠٠% | ٢٨,٣٠% |
| ئایا منداڵەکەت لە دایەنگە فێری ژمارە و پیت و ڕەنگەکان بووە | ٦١,٧٠% | ٢٣,٣٠% | ١٥,٠٠% |
| لەڕێگەی دایەنگەوە منداڵەکەم زیاتر گرنگی بە پاکو خاوێنی جەستەی دەدات | ٤٨,٣٠% | ٣٦,٧٠% | ١٥,٠٠% |
| ئایا منداڵەکەت لە دایەنگە لایەنی زمانەوانی گەشەی کردووە | ٥٠,٠٠% | ٣٢,٠٠% | ١٨,٠٠% |
| ئایا منداڵەکەت لە ڕێگەی دایەنگەوە فێری وشەی نەشیاو بووە | ١٦,٧٠% | ١٦,٧٠% | ٦٦,٧٠% |
| ئایا هەست دەکەیت منداڵەکەت لە دایەنگە هەستی متمانەبەخۆبوونی گەشەی ک | ٤٦,٧٠% | ٣٠,٠٠% | ٢٣,٣٠% |
| ئایا هەست دەکەیت منداڵەکەت ئێستا زیاتر پشتب بەخۆی دەبەستێت | ٤٢,٦٠% | ٣٢,٨٠% | ٢٤,٦٠% |
| ئایا هەستدەکەیت منداڵەکەت توانایی خۆ گونجاندنی کەم بووەتەوە | ١٨,٣٠% | ١٣,٣٠% | ٦٨,٣٠% |
| ئایا منداڵەکەت ڕۆژانە ئارەزووی چەەن بۆ دایەنگە دەکات | ٦١,٧٠% | ٢٠,٠٠% | ١٨,٣٠% |
| هەستدەکەم منداڵەکەم زیاتر پابەندی یاساکانی دایەنگە دەبێت | ٦١,٧٠% | ١٥,٠٠% | ٢٣,٣٠% |
| منداڵەکەم بە گرینگییەوە داواکاری مامۆستایانی جێبەجێدەکات | ٥٦,٧٠% | ٢١,٧٠% | ٢١,٧٠% |
| منداڵەکەم کاتی خەو و هەستانی و دیارکراوی نیە | ٤٥,٠٠% | ٢١,٧٠% | ٣٣,٣٠% |
| ئایا منداڵەکەت بەپێی یاساکانی خێزانی مۆبایل و ئایپاد بەکاردەهێنێ | ٣٨,٣٠% | ١٨,٣٠% | ٤٣,٣٠% |
| منداڵەکەم کاتی نانخواردنی دیاریکراوی نیە | ٣٨,٣٠% | ١٨,٣٠% | ٤٣,٣٠% |

دور الحضانات الغير حكومية في التنمية الاجتماعية للأطفال ذوي الاحتياجات الخاصة من منظور الوالدين.
دراسة ميدانية في مدينة السليمانية

من أبرز ملامح العصر الحديث زيادة التنشئة الاجتماعي للأطفال، مما يساعد الأسرة في تعليم وتغيير السلوكيات وحتى حل المشكلات النفسية والاجتماعية للطفل. يمكن أن تلعب دورا في التطور الاجتماعي للطفل، حيث تتزامن المرحلة مع السنوات الخمس الأولى من حياة الطفل، والتي تعتبر وفقا للعديد من علماء النفس والخبراء في مجال التربية، مرحلة حساسة ومهمة في حياة الطفل وتحدد اتجاه حياته. من المهم ملاحظة الباحثين بأن عدد الأطفال ذوي الاحتياجات الخاصة في الحضانة آخذ في الازدياد، ويشعر الآباء أن هذا الوضع غير مرغوب فيه، وأحيانا يلجأون إلى الحضانة للعلاج، لأن الكثير منهم بحاجة إلى المساعدة.حتى أنهم يذهبون إلى حد تزويدهم الفصول والمعلمين مخصصة. أبرز أنواع الاعاقات التي يمكن أن يشير إليها الأطفال في رياض الأطفال هي ( صعوبات التعلم ، فرط الحركة ، التأخر اللغوي ، نقص القدرات البدنية والفكرية. البحث دراسة (كمية ونوع) الطريقة المستخدمة هو المنهج المسح الاجتماعى ، حيث تم توزيع نموذج الاستبيان على أولياء الأمور الذين لديهم أطفال من ذوي الاحتياجات الخاصة، ثم تم تحليله حسب الأساليب. تألف مجتمع البحث من جميع الحضانات غير الحكومية في مدينة السليمانية والتي بلغ عددها 34 حضانا. كانت عينة الدراسة عبارة عن عدد من الوحدات المحددة في الحضانة، وبعد الانتهاء من جميع الإجراءات الميدانية تم عرض النتائج في النهاية ومن ثم تم عرض التوصيات النهائية للدراسة.

Summary of the Research:

**The Role of Non-Governmental Nurseries in the Social Development of Children with Special Needs from the Parents' Perspective**

This is a field research study in Sulaymaniyah

One of the most prominent features of modern times is the increased social growth of children, which helps families in teaching and changing behaviors, as well as addressing psychological and social issues in children. Non-governmental nurseries can play a significant role in the child's social development, especially during the first five years of life, a period considered by many psychologists and education experts as a sensitive and crucial phase in a child's life that determines the direction of their future.

It is important to note that researchers observed an increasing number of children with special needs in nurseries, and parents feel that this situation is undesirable. In some cases, parents resort to sending their children to nurseries for treatment, as many of these children require assistance. Some even go as far as providing specialized classes and teachers for their children. The most common types of disabilities that may be observed in children in nurseries include (learning difficulties, hyperactivity (ADHD), speech delays, and deficiencies in physical and intellectual abilities.

The research is a (quantitative and qualitative) study, using the Social Surveying Methodology. A questionnaire was distributed to parents with children who have special needs, and the results were analyzed accordingly. The research community consisted of all non-governmental nurseries in Sulaymaniyah, which numbered (34) nurseries. The study sample included a number of specific units in these nurseries. After completing all the field procedures, the results were presented, followed by the final recommendations of the study.